The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## پرۆفیسۆری نەمساوی "گیرهارد فرایلینگە" ئامادەیە شاهیددی لەسەر تاوانەکانی سەدام و هاوکارانی بدات

**پرۆفیسۆر گیرهارد فرایلینگە وەک پزیشکی جەڕاحی لە ماوەی نێوان ساڵانی 1984-1988دا، ژمارەیەکی زۆر برینداری ئێرانی و خەڵکی هەڵەبجەی چارەسەرکردووە، بەهۆی مامەڵەی لەگەڵ بریندارانی چەکی کیمیاویی، بووە بە پسپۆری بواری مادە ژەهراوییەکان .**
**بەڕێزی بۆمبی نەتەقیوی هێناوەتەوە بۆ ڤیێنا و شیکاریی لەسەر کردووە.**
**چەندین ساڵ لە نەمسا، زۆرترین ژمارەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی بینیوە و سەرپەرشتی چارەسەرکردنیانی کردووە .**
**ئێستا بەڕێزی بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتی زۆری لایە بۆ تاوانبارکردنی سەرانی ڕژێم لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و فسفۆری دژ بە قوربانیان.**
**بەڕێزی بە ناوەندی چاکی ڕاگەیاند: لە پێناو دەرخستنی ڕاستی و دادپەروەری، ئامادەیە شاهیدی لەسەر سەدام و هاوکارانی بدات ، .**
**دیارە شاهیدیدانی بەڕێزی وەک پزیشک و پسپۆڕێکی چەکی کیمیاوی لەسەر سەدام و هاوکارانی گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت لەسەر ساغکردنەوەی تاوانەکان.**

**ناوەندی چاک**
2006-9-23